# سالارولدەولە لە بیرەوەریەکانی عەبدوڵڵا ناهیددا

(خاطرات من )نێوی کتێبێکە بە قەڵەمی عەبدوڵڵا ناهید (افتخار)کە بە فارسی نووسراوە و رێزدار ئەحمەدی قازی تەسحیحی کردوە و بڵاوی کردوتەوە .ئەو کتێبە پڕە لە رووداوەکانی ناوچەکانی مهاباد، بۆکان و سەقز. سەبارەت بە هاتنی سالارولدەولە ئاوا دەگێڕێتەوە.

(بگەڕێمەوە سەر مەوزووعی مانەوەی حەوت مانگەی خۆم لە سابڵاغ. کاتێک ئەمن چوومە سابڵاغ پایز بوو. سەرمایەکی سەخت وردە وردە دەستی پێکرد . ئەمن ئاخر و ئۆخری ساڵی 1328ی ە.ق چوومە سابڵاغ و لە ساڵی 1329دا گەڕامەوە . ئەو زستانەی لە سابڵاغ بووم ئەوەندە زستانێکی سارد بوو لە ژیانی خۆم دا شتی وام نەدیبوو.ئەڵبەتە ئەو وەختی میزانولحەڕارە نەبوو بەڵام سەرما حەتمەن لە 30 دەرەجەی ژێر سیفر دەچوە خوارتر و بەگوێرەی ئەو خەبەرانەی بە تێلگراف دەگەیشت دەیانکوت لە میسر و حیجازیش بەفر باریوە و سەرما خە سارەتی زۆری بە دارخورما و بەرهە می گەرمە سێری و ماڵات گە یاندوە. لە سابڵاغ سەهۆڵ بەندانێکی سەیر بوو. ئەغڵەب شەوانە بەفر دەباری و بە رۆژ دەبوە بۆران تێکەڵ دەگەڵ باران . ئەو زستانە بێ نەزیرە و ئەو باران بارینە بێ مانە ندە بوە هۆی ئەوەی بەهارێکی زۆر خۆشی بەدواوە بێ . ئاوی چۆمی مهاباد توغیانی کرد و رێگای گەرمەکەکانی شیمالی شاری چە ند رۆژ بەسترا . ئێوارێیەکی دەگەڵ برادەرێکم چووبوینە تەماشا کردنی ئاوی چۆمی . دیتمان دوو سوار لە رێگای سلدوزەوە بەرەو شاردێن . یەک لە سوارەکانم دەناسی بەڵام ئەوی دیکە نە ناسیاو بوو. لیباسێکی تێکەڵ لە کوردی و قەرەپەپاغی لە بەر دابوو. سەروگوێلاکی خۆی بە شاڵ گەردنێکی وا پێچابوو چاوی نە بێ هیچ کوێی دیکەی نە دەبیندرا.

ئەو سوارەی دەمناسی سڵاوی کرد و لێمان پرسی ئەو برادەرەت کێ یە. لە وڵام دا کوتی ئەگەر ئاشکرای نەکەن هەرچەند بۆخۆی پێی خۆش نیە بە کەس بڵێم بەڵام بە ئێوەی دەڵێم . خولاسە دوای هێندێک قسەکردن کوتی ئەوە محەمەدعەلیشایە.ئێمە تووشی سەرسووڕمان بووین و ئەوەندەمان تەعەجوب کرد تەنانەت نە مان توانی بپرسین شەوێ لە کوێ دەبن و خەریکی چن؟ ئیدی چونکە محەمەدعەلیشا (بە قەولی کابرا) واریدی کوچەکانی شاری بوون و لە ئێمە ون بوون لە حیرەت و تەعە جوب دا ماینەوە . دوای چەند دەقیقە بە برادەرەکەی خۆم کوت ئەوە ناتوانێ محەمەدعەلیشابێ. کوتی دەلیلت چیە؟ کوتم وەک بیستومە محەمەدعەلیشا کەسێکی قەڵەو و بە خۆوەیە لە حالێک دا ئەو سوارە کز و زەعیف بوو. برادەرەکەم قسەکەی منی تە سدیق کرد و هاتینە سەر ئەوەی ئەو قسە موفتە باوەڕ نەکەین. دووسێ رۆژ دواتر لە شاردا ورتە ورت پەیدا بوو. بەعزێک دەیانکوت یەک لە کوڕەکانی سولتان عەبدولحە میدخان سوڵتانی عوسمانی یان دیوە کە هاتوە چەند ئەفسەری تورک ببینێ کە لەو کاتە دا موەقەتەن هاتبوونە سابڵاغ و ئیجازەی بە هیجیان نەداوە دانیشن . هێندێکی دیکە دەیانکوت محەمەد عەلیشایە کە لە لیباسی گۆڕدراو دا هاتوتە نێو شاری . بە هەر حاڵ شتەکە بۆمن هەر ناروون مایەوە چونکە بابم بە دوای دا ناردبووم بگەڕێمەوە ماڵی خۆمان لە دوازدە فەرسەنگیی سابڵاغ و نزیک سەقز.

ماوەی مانەوەم لە سابڵاغ کۆتایی هات و لە مەرحوومی قازی عەلی و کوڕەکانی دوای سپاسێکی زۆر خوداحافیزیم کرد لە گەڕانەوە دا کاتێک لە نزیک ئاوایی ئاڵبلاغ ، مڵکی ئامۆزاکانم سالار ئەسعە د و براکانی دیکەی تێ دەپەڕیم ، عەبدوڵڵا خانی سالار ئەسعەد کوڕی مەرحوومی ئەمانوڵڵا بەگ ناسراو بە (شەیدا) سوارێکی بە دوا دا ناردم و ناچاری کردم میوانی بم. خۆلاسە پێش نیوەڕۆ بوو ئەمن دەگەڵ سالار ئەسعەد و براکانی و شێخ جەلالی سابڵاغی کە ئەویش لەوێ میوان بوو و پیاوێکی قسەخۆش بوودانیشتبووین قسەمان دەکرد دیتمان کەسێک هات و برێک لە گوێی سالاری دا سرتاند و وەدەر کەوت.

سالار لە پێش دا قسەکەی شاردەوە ، دوایە رووی تێکردین و کوتی ئەوکابرا بێ سەروپایە شتێکی سەیری کوت . دەڵێ: ئەبولفەتح میرزای سالارولدەولە کوڕی موزەفەرەدین شا داوادەکا بچم لەو باغەدا بی بینم. دوایەش بە شێوەیەکی بە هێند نەگرتوو ئیشارەی بۆ باغێک کرد کە لە دەرەوەی ئاواییەکە بوو. هەموو بە بیستنی ئەو قسەیە پێ کەنین و کوتیان

قسەیەکی قۆڕی کردوە .کوتم نا قسەی قۆڕ نیە و رەنگە راست بێ . کوتیان چۆن؟ ئەو قسانەی لە بارەی هاتنی ئەو سوارە بۆ سابڵاغم بیستبوو بۆم گێڕانەوە. کوتیان ئەگەر وایە با بچین بزانین قەزیە چیە؟

ئەسەدخان برای سالار ئە سعەد کوتی : ئەمن پێش تر ناوبراوم دیوە . ئەگەر بی بینم لە دوور را دەی ناسمەوە ، خۆلاسە کاتێک چووینە باغەکە سالار دەگەڵ چەند سوارێکی قەرەپەپاغ لەوێ بوون. کاتێک چاوی بە ئێمە کەوت لە سەر لیباسی کوردی و ئەو پشتێنەی کە هە تا سەرسینگمان بە ست بوومان دەستی بە شۆخی کردن کرد و ماوەیەک هەر لە سەر ئەو شتانە قسەمان کرد. دوایە لە سەر داوای سالار ئەسعەد ئەوشەوە لە ئاوایی ئالْبڵاغ ماوە و بۆ سبەینێ کە ئەمن دەمویست بەرەو ماڵ وەڕێ کەوم سالارولدەولەش وەڕێ کەوت و چونکە تا مەودایەک رێگاکەمان یەک بوو نزیک سەعاتێک پێکەوە رێگامان بڕی و دوایە لێک جودا بووینەوە. )

وەرگیراو لە کتێبی (خاطرات من ) نووسینی عە بدوڵڵا ناهید . پێ داچوونەوەی ئەحمەدی قازی

وەرگێرانی لە فارسیەوە بۆ کوردی      تایر عەلیار